

# چۆلەکەکە بۆی گێڕامەوە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

**حەمەساڵح فەرهادی**





**وەزارەتی رۆشنبیری**


**خاوەنی ئیمتیاز: وەزیری رۆشنبیری**
**سەرنووسەر: نیان ئەحمەد**

ناوی کتێب: چۆلەکەکە بۆی گێرامەوە
زنجیرەی کتێب: ١٣
وەرگێرانی: حەمەسالح فەرهادی
رێکخستنی لاپەرەکان و فەرز: ئاسۆ خالید
دەرهێنانی هونەری: عەبدولقادر عەلی مەردان
وێنەکێش: قانیعە گەلالی
پیتچنین: میدیا خالید
ژمارەی سپاردن: (٥٩٥) بۆ ساڵی ٢٠٠٦
چاپ: یەکەم – ٢٠٠٦
چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخی: ٥٠٠ دینارە

# چۆلەکەکە بۆ گێڕامە ە

چۆلەکەکە گوتی:
- کەروێشکەکە
هێشتا لەخەو
هەڵنەستابوو کە
ڕێوبی دڵڕەق پڕی
دایەو ملی گرت..







کەروێشکی خەواڵوو
کە چاوی کردەوە ڕێوبی
بینی بەڵام توانی دان
بەخۆیدا بگرێ، لەبەر
خۆیەوە گوتی:
- شتێکی سەیرە!
ڕێوبیەکە
بەزەردەخەنەیەکی
فێڵاوییەوە گوتی:
- ئەو شتە سەیرە چییە؟
کەروێشک وەڵامی
دایەوە:
- لەخەودا تۆم بینی
بەڵام وەکو ئێستا ئاوا
نەبووی.

رێوییەکە بە تووڕەییەوە
کەروێشکەکەی بەرزکردەوەو
گوتی:
- پێم بڵێ چۆنت لە خەو
بینیم؟
کەروێشکەکە بەهێمنی وەڵامی دایەوە:
- دوای ئەوەی لە خەودا بینیم چیت بەسەر
هات، لەو بڕوایەدا نیم بتوانی من بخۆیت.
رێوییەکە ئارامی نەماو بەسەر کەروێشکەکەدا
هاواری کرد:
- چیم بەسەر هات؟ زوو
پێم بڵێ ئەگینا هەر ئێستا
دەتکوژم.
کەروێشکەکە سەری
بەرزکردەوەو گوتی:
- لەخەودا لام
وابوو وەکو ئێستا تۆ
منت گرتبوو و
بەخێرایی بۆ ماڵی
خۆت دەبردمەوە، پڕ بەدەمت
گۆرانیت دەگوت و وەکو ئێستا دڵخۆش



کەروێشکەکە گوتی:
- هیچ نەبوو چەند سەگێک بۆت هاتن، تۆش هەڵدەهاتی تا خۆتیان لێ ڕزگار بکەیت و ناوە ناوە ئاوڕت لێیان دەدایەوە، تا خۆت لە بنەدارێک داو کەوتییە سەر زەوی ، ئینجا سەگەکان تۆیان گرت.





بووی، بەڵام گوێیان لە دەنگت بوو و بۆت هاتن، ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا!

کەروێشکەکە بێدەنگ بوو، ڕێوبیەکە بەتوورەییەوە هاواری کرد:

- ئەوانە کێ بوون کە گوێیان لەدەنگم بوو و بۆم هاتن و چی ڕوویدا؟

کەروێشکەکە گوتی:

- دەترسم پێت بڵێم زیاتر توورە بیت.

ڕێوبیەکە وەڵامی دایەوە:

- دڵنیابە.. چیرۆکی خەونەکەتم بۆ تەواو بکە.



ڕێوبییەکە بەترسەوە ئاوڕێکی لەملاو لەولا دایەوەو هاواری کرد:
- بۆم تەواو بکە، دوای ئەوەی منیان گرت چییان لێ کردم؟
کەروێشکەکە گوتی:
- تێروپڕیان لێدایت، ئای کە ددانیان تیژ بوو و چەند بە دڕندەیی کەڵبەیان لە گۆشتت گیر دەکرد! تا هەموو لەشت بوو بە خوێن.
ڕێوبییەکە چیدی خۆی پێ ڕانەگیرا، کەروێشکەکەی فڕێدایە سەر زەوی و هەڵات.



کەروێشکەکە پڕ بەدەمی بانگی کرد:
- هاوڕێ، ڕاوەستە لەگەڵت بێم تا برینەکانت تیمار بکەم.

بەمجۆرە تا ڕێوییەکە لەبەر چاو ون بوو، کەروێشکەکە هەر پێی پێدەکەنی.



سەرچاوە: فاروق يوسف: حدثني العصفور
مجلة (مجلتي) العدد ٣٩ السنة الخامسة عشرة ١٩٨٤/٩/٢٤ ص٣
لە گۆڤاری(هەنگ) ژمارە(٨٥)ی ساڵی ٢٠٠٣ بەناوی(چرا) بڵاوکراوەتەوە.





# قەڵەمەکەم بەخۆی دەنووسێ





بەیانی کە لە خەو هەستام بینیم قەڵەمەکەم بازبازێنێ بەسەر کتێب و دەفتەرەکانمدا دەکات ، ترسام.. بەڵام ئەو پێکەنی و گوتی:

– مەترسە، دەمەوێ بەتەنیابم.

منیش پێم گوت:

– تۆ بەبێی من هیچت پێ ناکرێ.

گوتی: دەتوانم بۆ خۆم بنووسم.

ئیتر بە تاو لەماڵەوە چووە دەرێ و منیش بەدوایدا ڕامکرد کەچی بۆم نەگیرا، ناچار بووم چاودێریی بکەم.



قەڵەمەکەم چووە ناو پاسێک، بینی دوو منداڵ شت لەسەر کوشنێک دەنووسن، لەسەرسەری یەکێکیاندا وەستاو لەنێوچەوانی نووسی:

(بیرەوەریی ئەو قەڵەمەی کە منداڵی وەکو تۆی خۆش ناوێت).


کە برادەرەکەی ئەمەی بینی پێی پێکەنی، بەڵام قەڵەمەکەم لەسەر کراسی ئەویشی نووسی: (گاڵتەی پێ مەکە، تۆش وەکو ئەوی!).

کە دوو منداڵەکە ویستیان بیگرن بازێکی داو هەڵات.



لەسەر شەقامدا بینی منداڵێک بەکۆمەڵ گوڵ لە باخچەی شەقامەکە لێدەکاتەوە، لەسەر پشتی ئەویشی نووسی: (ئەو منداڵە گوڵی باخچەی شەقامەکان لێدەکاتەوە!).

کە منداڵەکە ویستی پشتی بخورێنێ، قەڵەمەکەم هەڵات!



مندالّەکەش نەیزانی بۆچی پشتی خورا! بەڵام کاتێک بەخۆی و چەپکە گوڵەوە دەڕۆیشت، دیتی خەڵک پێی پێدەکەنن! کە گەڕایەوەماڵەوەش خوشک و براکانی دایانە قاقای پێکەنین، بەڵام دایکی بەتووڕەییەوە کراسەکەی لەبەر کردەوە.



ئینجا قەڵەمەکەم بەبەردەم کۆگایەکدا ڕۆیشت، بینی خەڵک بەڕیز وەستاون و دەیانەوێ شت بکڕن، لەو کاتەدا کچێک لەدواوەی ڕیزەکەوە هات و لە پێشەوەی خەڵکەکە وەستا!

کە قەڵەمەکەم ئەمەی بینی، لەسەر قردێلەکەی نووسی: (ئەو کچە یاسا ناپارێزێت و ڕیز تێک دەدات).



خەڵکەکە کە ئەمەیان بینی بەکچەکە پێکەنین و گەڕاندیانەوە شوێنی خۆی.

ئینجا قەڵەمەکەم بەخەمباری لە ڕۆیشتنەکەی بەردەوام بوو، خۆم گەیاندێ، گرتم و لێم پرسی: تۆ بۆچی هەڵاتی؟!

ئەویش بە پێکەنینەوە وەڵامی دامەوە: چونکە تۆ ماوەیەکە وازت لەمن هێناوەو شتی ڕاست و باشم پێ نانووسی.

سەرچاوە: صلاح محمد علي: قلمي يكتب وحده.
مجلة( مجلتي) العدد ٣٥ السنة الخامسة عشرة ١٩٨٤/٨/٢٧ ص٣.
لە گۆڤاری (هەنگ) ژمارە(٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٣ بەناوی(چرا) بڵاو کراوەتەوە.





# مەیموونێکی چالاک

# و



# یەکێکی تەمبەڵ



مەیموونێک
کردبووی بە پیشە کە
ڕۆژانە لەبەیانییەوە تا
خۆرئاوا بوون لە
کێڵگەیەکدا کاری
دەکرد.

رۆژێکیان
مەیموونێکی تەمبەڵ
هاتە لای و پێی
گوت:
مەیموونی ئازیز
تکایە هەندێک
گەنم بدەرێ.



مەیموونەکە دەیزانی کە مەیموونە تەمبەڵەکە خۆراک لە گیانلەبەرانی دیکە وەردەگرێت و خۆی هیچ کارێک ناکات ، پێی گوت:

– گیروگرفتی تۆی تەمبەڵ بەو بڕە گەنمە چارەسەر ناکرێت کە من بتدەمێ، جلی تەمبەڵی داکەنەو بۆ خۆت کار بکە، بەکارکردن خۆراکت دەستدەکەوێت و تام لەژیانیش دەکەیت.



تەمبەڵ گوتی: تۆ بەهەڵە داچوویت، من لە تۆ ماندووترم و کاری تۆ زۆر لەهی من ئاسانترە، تۆ زەوی دەکێڵی و دایدەچێنی، پاشان گەنمەکە دەهاڕیت و دەیکەیتە نان، بەڵام کاری من زۆر زەحمەتترە، من گەنم دەرۆزە دەکەم و هەڵیدەگرم و دەیهاڕم و دەیکەمە هەویر و پاشان دەیکەمە نان! بەم هەموو کارانەش تەنیا خۆراکم دەستدەکەوێت، بۆیە تۆ هێندەی من کار ناکەیت.





مەیموونە چالاکەکە گوتی: لەبەر ئەوەی تۆ لە من زیاتر ماندوو دەبیت، با خواردنێکت پێ بڵێم بێ ماندووبوون دەستت دەکەوێت، دەتوانی لەکاتی خەوتنیشدا بەدەستی بێنی.



تەمبەڵەکە گوتی:
دە پێم بڵێ، زۆر منەتدار دەبم و تامردن ئەو چاکەیەت لەبیر ناکەم.

مەیموونەکە گوتی: دەمت بکەوەو هەوا هەڵمژە!
تەمبەڵەکە بێدەنگ بوو، نەیزانی چۆن وەڵامی مەیموونە چالاکەکە بداتەوە!

سەرچاوە: مجلتي العدد ٣٥، ١٩٨٤/٨/٢٧ ص٤و٥ (ناوی نووسەری لەسەر نییە).
لەگۆڤاری (هەنگ) ژمارە(٨٧)ی ساڵی ٢٠٠٣ بەناوی (چرا) بڵاو کراوەتەوە.